بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ يا داود إنا جعلناك خليفة في الأرض فاحكم بين الناس بالحق ولا تتبع الهوى فيضلك عن سبيل الله ﴾

صدق الله العظيم

- بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان .
- بەڕێز سەرۆكی دەسەڵاتی دادوەری .
- بەڕێز سەرۆكی حكوومەتی هەرێمی كوردستان .
- بەڕێزان ئەندامانی دادگای تەمییزی هەرێم.
- بەڕێز سەرۆكی كۆمەڵەی دادوەری عێراق .
- بەڕێز جێگری سەرۆكی هەرێم .
- بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان .
- وەزیرە بەڕێزەكان .
- بەڕێزان كونسولگەران و نوێنەرانی وولاتان.
- بەڕێز پارێزگاری هەولێر .

میوانە بەڕێزەكان و دادوەرانی پایەدار و بەڕێز هەموو لایەك بەخێربێن .

زۆر خۆشحاڵین بە ئامادەبوونی بەڕێزتان لە مەڕاسیمی كردنەوەی كۆنگرەی سێیەمی یەكێتی دادوەرانی كوردستان لە ژێر دروشمی ﴿ سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دادگا بە دادوەری بوێر و كارا و بێ لایەن دەستەبەر دەبێت ﴾ ... (ألكساندر هاملتون) یەكێك لە دانەرانی دەستووری ئەمەریكا دەڵێت ﴿ ئازادی لە وولات ناچەسپێت ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری جیا نەبێت لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن ﴾ ...

بێگومان سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری زامنی دیموكراسی و پاراستنی مافەكانی مرۆڤە ، كە ئێمەش لە یەكێتی دادوەرانی كوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری زۆر هەوڵمانداوە ئەو ئامانجە بهێنرێتە دی ، هەر بۆ زیاتر هێنانەدی ئامانجەكان هیوادارین كە سەرۆكایەتی هەرێم و پەرلەمان و حكوومەت و گشت دام و دەزگاكان هاوكاربن لەگەڵ دادوەران بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانی دادگا و هەروەها بۆ هەمواركردنەوەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەویش بە شێوەیەك كە گونجاوبێت لەگەڵ بەرقەراربوونی زیاتری دیموكراسیەت و جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان بەجۆرێك مافی دادوەران و پایەی بەڕێز سەرۆكی دەسەڵاتی دادوەری هاوتا و یەكسان بێت لەگەڵ پایەی سەرۆكی دەسەڵاتەكانی تر و بەهەمان شێوە بودجەی ئەم دەسەڵاتە بە هەمان پێوەرەكانی دیاریكردنی بودجە بۆ دەسەڵاتەكانی تر فەراهەم بكرێت ، سەرباری ئەوەش ئەنجوومەنی دادوەری بۆی هەبێ پرۆژە یاسای تایبەت بە كارەكانی خۆی ئامادەبكات و ڕاستەوخۆ ڕەوانەی پەرلەمانی بكات جا بۆ ئەم مەبەستە پرۆژە یاسایەكمان ئامادەكردووە بە هیواین ڕێڕەوی یاسایی خۆی بگرێت بۆ دەرچواندنی .

بۆیە داوا لە دادوەرانی بەڕێز دەكەین كە بەردەوام بن لەسەر بێ لایەنی لە كارەكانیاندا ، و بوێر و كارا بن لە بڕیاردان و چالاك بن لە پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری وە ڕێزگرتن لە مافەی مرۆڤ ، هەروەك أبوبكر صدیق دەڵێت (( القوي عندي ضعيف حتى أخذ الحق منه والضعيف عندي قوي حتى أخذ الحق له )) .

لەكۆتاییدا سوپاسی ئامادەبوونتان دەكەین هەروەها سوپاسی لیژنەی ئامادەكاری بۆ سازدانی كۆنگرەی سێیەم دەكەین كە بەڕاستی زۆر ماندووبوون لە كارەكانیان ... شاد و سەركەوتوو بن .

دادوەر

د . محمد عبدالرحمن سلیڤانی

سەرۆكی یەكێتی دادوەرانی هەرێمی كوردستان